# "چاک"
# ستایلێكی تری قەومپەرستی

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

سەرەتای مانگی ڕابردوو لە ووتارێكمدا بەناوی ("چاک"یش بەدەردی كۆمەڵەو دیموكرات چوو)، بنچی قەیرانەكانی ناو ڕێكخراوی "چاک"م دەسنیشانكردبوو. باسمكردبوو ئەو شتەی كە ناوی "چاک" بوو نەماوەو ئێستا دیارنییە چیبەسەردێت. بەوهۆیەوە كە جووڵانەوەی ناسیونالیستی كوردی بەدوای گۆڕانی ڕەهەندی ستراتیژی سیاسیو سەربازیی ئەمریكا لە عێراقدا، وەک داریان كێشابێ بەسەریدا واقیووڕماوەو ئەسڵو فەسڵی هاوكێشەو ڕووداوەكان تووشی سەرەگێژەی كردووە، یاخود باشترە بڵێین؛ بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی ناوخۆی عێراقەوە لوتفی ئەمریكاو ڕۆژاوا بۆ دەسەڵاتی كوردی ساردبۆتەوەو كەوتۆتەوە ناو بەرداشی فاشیزمی دەوڵەتانی دەوروبەرو سیاسەتی داگیركاریانەوە، "چاک"یش وەكو زادەی ئەم بزووتنەوەیە ئەم بێمەرحەمەتییەی غەرب لوولیداوەو تا ئەم ساتانەش لەو دەردەی ڕزگاری‌نەبووە. ئێستا "چاک" بە دووكەرتی یا وەكو دوو پارچەی جیا دەبزوێو تەنها بەهۆی ئەو تێبینییەی ژێر ڕاگەیاندنو شتەكانیانەوە جیادەكرێنەوە كە دەڵێ؛ "هەرڕاگەیاندنو شتێک ئەم ناونیشانانەی لەسەر نەبێ ئێمە لێیبەرپرسیار نین".

هەرچەند كەرتێكی ئەم "چاک"ە ماوەیەكە بانگەوازی كردووە گوایا كۆبوونەوەی گەورە سازدەكات بەمەبەستی دەربازبوون لەم قەیرانە، بەڵام لایەكەی تر داوای لێدەكات ناوی "چاک" بەكارنەهێنێت. قەیرانی ئەم ڕێكخراوە هەروا باقی‌یە، بەڵام كاتێک هەڕەشەكانی دەوڵەتی فاشیستی توركیا بۆ لەشكركێشیكردن بۆسەر كوردستان، لەگەڵ نەفرەتو نارەزایەتیو وەستانەوەیەكی گشتیو جەماوەریدا ڕووبەڕووبوویەوە، لەپاڵ بێدەنگی ئەحزابو دەسەڵاتی كوردیدا وە لەباشترین حاڵەتدا بەتەنیشت گرتنەبەری سیاسەتی ملدانو سازش لەگەڵ هەڕەشەی داگیركاری ڕژێمی توركیادا لەلایەن پارتیو یەكێتی‌یەوە، هەر دوو لایەكەی "چاک" بە كەمێک جیاوازییەوە خۆیان فڕێدایە ناو ئەم خرۆشانەوە. بەڵام ئەو نەخشەی كە جووڵانەوەی ناسیونالیستی كوردیو حیزبەكانی نەیانوێراو نەیانتوانی بیگێڕن، یانی لێدانی نەعرەتەی قەومپەرستیو بانگەواز بۆ خاكپەرستیو یاریكردن لەسەر وەتەری گرژبوونی دەماری میللیگەریو كوردایەتی، ئەمان بە زیادیشەوە ئەنجامیاندا بۆیان.

شتێكی سەلمێنراوە كە كێشەو مەسەلەی خەڵكی كوردستانی عێراق بە ئاسۆی ناسیونالیستیو باوەشێنكردنی نەتەوەپەرستیو خاكپارێزی چەواشەكارانە وەڵامنادرێتەوە. دەیان ساڵە سەرانی جووڵانەوەی كوردایەتی ئەم ڕێگایە ئەپێونو دەستیان گرتووە بەسەر موقەدەراتی ئەم خەڵكە ژێردەسەتەو ستەمدیدەیەداو ئاكامەكەی ئەمەیە كە دەیبینین. دەسەڵاتێكی سەرتاپێ گەندەڵو تاڵانچیو نامەسئول كە لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا ئامادەن هەموو سازشێک ئەنجامدەن بێ گوێدان بە خواستو ئیرادەی جەماوەر. خەڵكیش شازدە ساڵە لە ئۆردوگادا ڕاگیراون بەبەڵێنی فیدراڵی موحتاجی ئاوی خواردنەوەو كارەباو خزمەتگوزاری سەرەتایی كراون. ئەم خەڵكەی وا نەفرەتو بێزاریان لەدژی ناسیونالیزمی كوردو ئاسۆی قەومپەرستی بەوپەڕی خۆی گەیشتووەو خۆپیشاندانو نارەزایەتییەكانیان

تا ئەمڕۆش بەردەوامە لەدژی دەسەڵاتی کوردی، بەشێوەی گشتیو لەئاستی ملیۆنیدا خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانن، چاک و هیچ کەسێکی تر بۆی نییە بە ڕیتمو ستایلێکی دیکەوە، بەئاوازو نەغمەیەکی جیاوازەوە خرۆشانی جەماوەریو گشتی خەڵکی کوردستان دووبارە بە میللی گەریو قەومپەرستی بارگاوی بکاتەوەو ڕایکێشێتەوە بۆ ناو گێژاوی بێئاسۆیی ناسیونالیستیو قەومپەرستانەوە ئەویش لە هەلومەرجێکی هەستیاری وەکو ئەم ڕۆژانەی وا ڕژێمی تورکیا بەنیازە بەبیانووی ڕاونانی (پەکەکە)ەوە کوردستان داگیرکات.

لەم خرۆشانە جەماوەرییەی دواییدا لەدژی تورکیا چاک زیاتر نوێنەرایەتی (پەکەکە)ی دەکردو بەئاشکرا خۆشیو ئەندامانیشی هێندە "گەریلا"یان بۆ مەسەلەو گرنگ بوو، چواریەکی ئەوە سەربەخۆیی کوردستانیان بەهێند وەرنەگرت! هێندە خەمی چەکدارەکانی (پەکەکە) بەرچاوی گرتبوون، کارەساتێک کەبەهۆی هێرشی سەربازی تورکیاوە دەبێتە نسیبی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوان قابیلی درککردن نەبوو. ئەم بەڕێزانە تا جێگایەک دەمارگیری میللی ڕایکێشاون کە بارۆدۆخی ناوخۆی کوردستان لەیادکەنو بڵێن بە خەڵک "ئاو و شمەکی تورکی" بایکۆت بکەن!! چاک بەجۆرێک لکابوون بە (قەومپەرستیو گەریلا لاوانەوەو پانکوردستانییەوە) لەهۆشیان چووبوو کە بەرزانیو تاڵەبانی دەیان جار ووتوویانە؛ کە کوردستان بە کەلوپەلی تورکیو ئێرانی دەچێ بەڕێوە! داخرانی مەرزەکانی ئێران ئەم دواییانە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، نرخەکانی بەڕادەیەک بردە سەرەوە کە ترسی قەیرانی گەورەی لێدەکرا. هەر ئەمەش بیانووی جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی بووەو هەمیشە ووتوویانە؛ "سەربەخۆیی کوردستان خەیاڵپڵاویە" چونکە ئەگەر سنوورەکان لەسەر کوردستانی سەربەخۆ داخەن، هەموو شتێک لەباردەچێ.

بەڵام شتێکی سەیرو سەرنجڕاکێش لە پەیوەند بە چاکەوە ئەوەیە کێشەو گرفتی ناوخۆی خۆی بۆ چارەسەرناکرێ(هەر چارەسەرێک!)، کەچی گەرەکییەتی خۆی لە هەموو شتێک هەڵقورتێنێو واوەتریش بڕواو بەنیازە بەم حاڵەیەوەو بەڕاگەیاندنی سەیرو بێبناغە خەڵکی کوردستان بئاڵێنێتە کۆسپو تەگەرەی چوارپارچەو "کوردستانی گەورە"شەوە! لەوەش سەیرتر چاک پێیوایە ئابووری تورکیا لەسەر ئاوی خواردنەوەی نێردراو بۆ کوردستان ڕاوەستاوە. ئەوەشی لەبیرچووە کە بەهۆی لامبالاتیو گەندەڵیو بێسەرەوبەرەیی دەسەڵاتی کوردییەوە ئاوی خواردنەوەی شارەکانی کوردستان بەهۆی بێسیانەییەوە تێکەڵی زێرابەکان بووەو ئەزمەی ئاوی خواردنەوە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی خەڵکی. پەتای سکچوونو کۆلێراش بەڵگەیە. بەڕێزان، ئەگەر بکرێ لەباتی تەبلیغ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، باوەشێنی قەوپەرستی بکرێ، بەڵام ناکرێ لەجیاتی ئاوی خواردنەوە نەتەوەپەرستی دەرخواردی خەڵکی بدرێ!

2007/11/9